## بڵاوکی ١٧ /٣ /٢٠٢٠ کاتژمێر ١٤

بڕیارەکان و بارودۆخی سنووردارکردنی شاری کێمی، بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤیروسی کۆرۆناوە:

١. سەردان و هاتوچۆ بۆ یەکە و شوێنەکانی خزمەتگوزاری شاری کێمی و هەروەتر نەخۆشخانەی کێمی (خەستەخانەی ساوڤۆساری) بە تەواوی قەدەغە کراون. لەو پەیوەندیەدا سەردانی نەخۆشخانەکان و بەشەکانی چاوەدێری و پارێزگاری کردن لە نەخۆشان، بۆ چاوپێکەوتنی نەخۆشەکان بە تەواوی قەدەغەن، هەرچەن کە لە هەندێ بوارانداا ئیزنی چاوپێکەوتن دەدرێ، بۆ نموونە لە بەشی زاوزێدا، کە دەبێ لە پێشدا کەسەکە تێست بکرێ، و هیچ نیشانەیەکی ڤیروسی دە لەشدا نەبێ. لە دۆخەکانی تایبەتیدا، دەبێ پەیوەندی بکرێ بە پەرەستارانی بەرپرسەوە.

٢. تەواوی سەیرانگە و شوێنە گشتیەکان بۆ ماوەیەکی نادیار دادەخرێن، بۆ نموونە ئەو شوێنانە:
مۆزەخانەکان، تیاترۆکان، ساڵۆنەکانی ئۆپێرا، شوێنە کولتووری و چاندیەکان، کتێبخانەکان، کتێبخانە گەڕۆکەکان، شوێنە خزمەتگوزاریەکان، شوێنەکانی گەشتیاری و سەیران، ئەستێل و حەوزەکانی مەلە، ساونا گشتیەکان، ساڵۆنەکانی وەرزش و ریازە، کێمی-کاماری، ناوەندی چالاکیەکانی لەپیەتێهداس، ناوەندە کولتوریەکانی گەنجان و لاوان، شوێنە گشتیەکان، خانەی بەساڵاچوان، ژووری دانووساناندنەکانی رێکخراو و ئۆرگانەکان، دانیشتنەکانی رۆژانەی بەساڵاچوان، ناوەندەکانی کار و پشتگیری لە بنەماڵەکان.
هەروەتر هەندێ لە ئۆفیس و شوێنە خزمەتگوزاریەکان چالاکی و کاتەکانی کاریان سنووردارەدەکرێ و کەم دەکرێنەوە، شوێنی وەک: خزمەتگوزاری ساونا، کە نابێ رۆژانە لە دەستەیەک زیاتر مشتەری وەربگرن. چالاکیەکانی ناوەندی پشتگیری لە بنەماڵان، و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە زۆر پێویست و ئۆرژانسی نەبن کەم دەکرێنەوە، و کاتەکانی فرمانگەی سۆسیال کەم دەکرێنەوە. هەروەتر داوا دەکەین لە چوون بۆ پرۆژەکانی کاریی و سەردانی شوێنە ئایینیەکان خۆ بپارێزن.

٣. دایەنگە و باخچەی منالان و قوتابخانەی ئامادیی منالان بە پشتیوانی تایبەتیی رێ و شوێنەکانی بەرپرسانی بێهداشت و تەندرووستیەوە جارێ بەردەوا دەمێننەوە. بەڵام ئەو بنەماڵانەی کە یەک لە دایک و بابی منال لە ماڵ بن، یان ئەوەی کە بنەماڵە بەخۆیان توانایی ئاگالێبوون لە منالەکانیان هەبێ، پێویست ناکا منالاکەنیان بەرنەوە بۆ دایەنگە، باخچەی منالان و قوتابخانەی ئامادیی یان پێش سەرەتایی. یارمەتیەکانی سەرەتایی خەرجی ئەو منالانەی لە ماڵەوە دەمێننەوە، بە پێی یاسا و رێساکانی هەیئەتی بەرپرسانی شارەوانی دەبێ.

٤. قوتابخانەی دواناوەندی (دەبیرستان) و قوتابخانەکانی سەرەتایی:
قوتابخانەی دواناوەندی لوسێۆ تا کاتێکی نادیار بە شێوەی فێرکردن لە رێگەی دوورەوە، ئەرکەکانی فێرکاری بەرێوە دەبا.
قوتابخانەکانی سەرەتایی تا کاتێکی نادیار بە شێوەی فێرکردن لە رێگەی دوورەوە، ئەرکەکانی فێرکاری بەرێوە دەبا، مەگەم ئەوەی کە:

- ئەرکەکانی فێرکاری لە قوتابخانە بۆ قوتابیانی پۆلەکانی ١ تا ٣ تەنیا بۆ ئەو قوتابیانەیە کە دایک و باب یان بەرپرسی بنەماڵەیان لە شوێنە هەستیار و قەیرانیەکاندا خزمەت دەکەن. فێرکاری لە رێگەی دوورەوە بۆ تەواوی ئەو قوتابیانەیە کە پێویستیان بە پاراستن و پشتگیری تایبەتیە. بنەماڵەکان ئەگەر پێیان خۆش بێ، دەتوانن بەخۆیان پەرپرسایەتی فێرکاریی منالەکانیان وەئەستۆ بگرن. فێرکاریی و رێنوێنیەکانی پێداویستی قوتابخانەکانی سەرەتایی، بە شێوەگەلی جۆراوجۆر پێشکەش دەکرێن. ئەوە بەو مانایەیە کە لە کاتی پێویستدا، شێوەکانی خوێندن لە رێگەی دوورەوە، چۆنیەتی کەلک وەرگرتن لە کەلوپەلی دیجیتاڵی، یارمەتی لە کاتی پێشهاتنی موشکیلە و دۆزینەوەی چارەسەریی بۆ موشکیلات، و هەروەتر فێرکردنی شێوەکانی دەرس خوێندن بە شێوەی سەربەخۆ و بەتەنێ، بە شێوەی جۆراوجۆر فێری قوتابیان دەکرێن. بەرنامەی ویلما، وەکوو کاناڵی سەرەکیی راگەیاندنە لە نێوان قوتابخانە و قوتابی و بەرپرسانی منالدا. بە یارمەتی بەرنامەی ویلماوە راهێنان و رێبازەکانی قوتابخانە بۆ قوتابیەکان دەنێردرێن.

خزمەتگوزارەیەکانی قوتابخانە (وەکوو ڕاوێژکاریی، پەرەستار و دەروونناسی قوتابخانە) بە یارمەتی تەلەفۆن و بەرنامەی ویلماوە جێبەجێ دەبن.

- تاقیکردنەوەکانی ئاخرین ساڵی دواناوەندی (دەبیرستان) لە ڕۆژانی ۲۰۲۰/۳/۱۳ تا ۲۰۲۰/۳/۲۳ دا بە لەچاوگرتنی یاساوڕێساکانی تووندی بەرپرسانی بهداشت و تەندرووستیەوە بەڕێوە دەچن.

۵. هەموو جۆرە کۆبوونەوەیەک تا ئاستی ۱۰ کەسان سنووردار کراوە، و هەموو کەس دەبێ خۆیان بپارێزن لە ڕۆیشتن بۆ شوێنە گشتیەکان. (قانونی پەسندکراو لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۳/۱۷)

٦. کەسانی سەرووی ۷۰ ساڵ، دەبێ خۆ ببوێرن لە تێکەڵ بوون دەگەڵ کەسانی تر (هاوتەریب بە دۆخی قەرەنتینە)، کە لە کاتی پێویستدا شارەوانی دەبێ یارمەتیی ئەو کەسانە بدات. یەک لەو یارمەتیانە بۆ کەسانی بەتەمەن، یارمەتیدانیانە لە کاروباری کڕینی خواردەمەنی و پێداویستیەکانیان لە بازار. بۆ زانیاری و ڕێنوێنی زیاتر لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۳/۱۸ وە دەتوانن پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی: ۰۱٦-۲۵۹۵۵۲ لە شاری کێمی و دەوروبەریەوە.

۷. شارەوانی توانایی خزمەتگوزاری و پاراستنەکانی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی بردۆتە سەرەوە، و ڕادەی کاروبارە نازەروورەکانی هێناوەتە خوارەوە. هاوکات بە لەچاوگرتنی بنەماکانی شڵک و شیاوی یاساکان، بۆ لەبەرچاوگرتنی مۆڵەتە یاساییەکان هیچ بەرپرسایەتیەک نیە.

۸. بەهۆی هەستیاری و قەیراناوی بوونی بارودۆخ، ئێمە لە بنەماکانی قانونی کاتەکانی یاسایی کار و قانوونی پشووی ساڵانە بۆ فرمانبەرانمان پەیڕەوی ناکەین، و بە تایبەت داوای هاوکاری لە کەسانی پسپۆڕ و کارامە لە بوارەکانی تەندرووستی و کۆمەڵایتیدا دەکەین بۆ هاوکاری و خزمەت کردن بێنە سەر کار.

۹. فەرمانمان داوە بە شەریکەکانی ئاو و کارەبا، کە لە پەیوەندی دەگەڵ تەندرووستی و بێهداشتی گشتییدا هەنگاو بنێن، و هەموو کات بە وردیی ئاگایان لە بوارەکانی کارەبا، ئاو و گەرمای ماڵەکان بێت.

تەواوی ئەو یاساوڕێسایانەی لەسەرەوە باسمان کردن، هەر لە ئێستاوە دەبێ بکەونە بواری جێبەجێ کردنەوە، و پێزەکانی ٦ تا ۸ی ئەو بڵاڤۆکە لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۳/۱۸ وە دەبێ بێنە بواری جێبەجێ کردنەوە. بەهۆی پەسندکرانی قانونی بێدەرەتانی یان نائاسایی لە ناو پەرلەمان، جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانە واجب و پێویستە. ئەو ڕێکارانە بە پێی هەلومەرج و بڕیارەکانی حکوومەت تازە دەکرێنەوە.

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دۆخی تایبەت.
بەڕێوەبەری گشتی: یوکا ویلێن
+۳۵۸۴۰۴۸٦۴۱۰۱
شارەوانی کێمی

**Kemin kaupunki**
**Valtakatu 26**
**94100 Kemi**

**ISO 14001 CERTIFIED CITY**